کۆبوونەوەی لوتکەی کۆمەڵەی عەرەبی لە مەنامەی پایتەختی وڵاتی بەحرەین بەڕێوەدەچێت

ئەمرۆ پێنجشەممە (16ـی ئایاری 2024)، لە مەنامەی پایتەختی وڵاتی بەحرەین 33هەمین لوتکەی کۆمەڵەی عەرەبی بەڕێوەدەچێت.

عەبدولفەتاح سیسی سەرۆکی میسر، عەبدوڵای دووەم پاشای ئوردن، مەحمود عەباس سەرۆکی فەڵەستین، عەبدول لەتیف ڕەشید سەرک کۆماری عێراق، نەجیب میقاتی سەرۆک وەزیرانی لوبنان، مەحەممەد وەلەد شێخ ئەلغەزوانی سەرک کۆماری مۆریتانیا، گەیشتونەتە مەنامە بە مەبەستی بەشداری کردن.

لە 33هەمین لوتکەی کۆمەڵەی عەرەبیدا سەبارەت بە پرسە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان، بە تایبەتی هێرشەکانی ئیسرائیل بە سەر کەرتی غەزز گفتوگۆ دەکرێت.